# تا جیاوازی هەبێت یەکسانی دێزەبەدەرخونە دەکرێ

**سالار بابەشێخ**

نەک هەر تایبەتکردنی لاپەڕەیەک بۆ ئافرەت لە لاپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کارێکی ناڕەوایە، بەڵکو بوونی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنیش، ئیهانەکردنی کەسایەتی ژنە.

دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیمان هەیە کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، سەدان دیاردەی نەگریس و دابونەریتی سواو و چەکەرە هێناومان هەیە کە ڕۆژانە دەست دەنێتە بینەقاقامان و ئێمەش جگە لە سەرسوڕمان و سەرکردنە سەر سەرینی خۆزگەکان، هیچمان پیناکرێ.

هێزی گۆڕان بۆتە خەونێکی وەهمی و کەس نایدۆزێتەوە، ڕەوتی گەشەساندن و پێشکەوتن و پێگەیشتن بە لارێدا دەبرێ، سەدان کێشەی چارەسەرنەکراومان هەیە و کەس ئاوڕێکی لێناداتەوە، تەنها هەندێك ڕوخساری کلیشەیی و ڕازاوەمان هەڵبژاردووە کە ڕۆژانە خۆمانی پێدەخلەتێنین.

لە بری خوێن، ئافرەت دەدەین و داوای مافی ئافرەتیش دەکەین! چاوچنۆکی وای لێکردووین، بە چوار و پێنج ژنیشەوە نەوەستین، قەیرە کوڕ و کیژانی بەسالاچوو گوڕ و تینی ژیانیان فەوتاوە و ئێمە لە گوێی گادا نووستووین. ئەوەی نازانین چییە ستراتیژی و پلان و بەرنامەی کورت و درێژماوەیە! کەچی بە (نێر و مێ) مانەوە هەندێکمان لەوە گلەمەندین کە لە لاپەڕەی بلاوکراوەکاندا، بەشی ژنان زۆر کەمە و لاپەڕەی تایبەتییان نییە، ئەمەش واتای ئەوە دەبەخشێ کە هەر لە جێدا لە پێوەر و پێوانەکانی نرخ و بەهای مرۆڤایەتییدا تووشی هەڵە بووینە، چونکە پێشینان دەڵێن "شێر لە لانك هاتە دەر چ مێ چ نێر"، ئەمەش لە تاقیکاری دەرچووە و بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەلمێندراوە. زۆر باوك چەند منداڵیان بە سەر دایکێکدا بە جێ هێشتووە و لە پێناوی خەباتی ڕزگارخوازی نەتەوەکەیاندا نەیانتوانیوە باوکایەتی بکەن و زۆر دایکیش تەنانەت بە دروومان و کاری ماڵان منداڵەکانی لەوپەڕی جوامێریدا پەروەردە کردووە، هەر ئەو ژنانەی کوردستان لە ڕۆژانی خەبات و چەرمەسەری و کلۆڵییەکانی ژێردەستی و دڕندەییەکانی داگیرکەرانی کوردستاندا، دووچار چەوساونەتەوە، جارێك وەك ژن و جارێکیش وەك کورد، کە چی ئێمە حیسابی بۆ ناکەین و زۆر جاریش بەرامبەریان زمانشڕ و قەڵس و تووڕەین.

ئەگەر مرۆڤ وەك مرۆڤ هەڵبسەنگێندرێ، ئەگەر تواناکانی مەعنەوی مرۆڤ ببێتە پێوەر، ئەگەر جیاوازی نەکرێ و بە هەموو لایەك هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێ، ئەگەر چوار بەیەك نەکرێ و پاساوی بێ بنەما بۆ جیاوازییەکان نەکرێ و ئەگەر یەکسانی پڕ بە پێستی مانای وشەکەی تەعبیر و پراکتیزە بکرێ، ئەو کات دەر دەکەوێ کە ژن و پیاو، کوڕ و کچ، شانبەشانی یەکتر دەتوانن بە سەر بەردەبازەکانی ڕێگەی بەختەوەریدا بپەڕێنەوە و بیسەلمێنن کە وەك یەك و هاوشان و شان بە شانی یەکتر توانای ئەوەیان هەیە کە هەوراز و نشێوەکانی ڕێگەی بەختەوەری کۆمەڵگە بپێون.

ئەز پێموایە لە جیاتی ئەوەی بۆ ڕۆژی جیهانی ژن ڕێوڕەسمی تایبەتی بگرن و تەنها ڕۆژێك لە ساڵێك، شیوەن بۆ مافەکانی ژنان بکرێ، کۆمەڵگەی جیهانی بە ژن و پیاویەوە کار بۆ ئەوە بکەن کە یەکسانی و دەرفەتی وەك یەك بۆ هەموو مرۆڤێك بڕەخسێنن و هەوڵبدەن یەکسانی و هاوسانی لە مافەکاندا بچەسپێنن، ئەوکات بوونی ڕێکخراوی تایبەت بە ژن یان پیاو هیچ مانایەکی نامێنێت، قاوەخانەی مەچکۆی هەولێریش ژنانی ڕۆشنبیر دەتوانن سەردانی بکەن و لە پەرلەمانی کوردستانیش ژمارەی ژنان زێتر دەبێت.

بریا ئەو خەونە یەکسانیخاوازانەیە لە قەوارەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەهاتە دی، ئەکات ڕۆژنامەی تایبەت بە ژن و حزبی تایبەت بە پیاو نەدەما و دەکرا دڵ بەوە خۆش بکرێ کە "ژن نیوەی کۆمەڵە". بەڵام پەرلەمانی کام وڵات نیوە بە نیوە ئەندامەکانی پێکهاتووە لە ژن و پیاون؟!